www.kurdistannet.org
19-4-2007 16:44بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

وەزیری ناوخۆ خۆی کوڕە شەهیدە بۆ ئەم سووکایەتییە بە شەهید قبوولْ دەکات.. سۆران

بەڕاستی شۆك بووم و لەناخەوە بریندار بووم کاتی لە پێگەی کوردستانێتی بەڕێزدا بابەتێکم خوێندەوە لەژێر ناوی (خۆزگەم بەوەی لەم وولاتە گەندەڵە دووڕە) . کە باس لە چیرۆکی کوڕە شەهیدێك دەکات کە لەلایەن بەڕێوبەری هاتوچۆی دەرەوە لە سلێمانی سووکایەتی بە خۆیی و شەهیدی باوکی کراوە بە بەڵگەوە و کەسیش لای لە سکاڵاکەی نەکردۆتەوە.. لەدوو ڕوانگەوە کاریگەرێکەی بەوێنەی بەرق بوو بۆ سەرم.. یەکەم لەبەر ئەوەی برایەکم شەهیدی سەنگەرە.. دووەم لەبەر ئەوەی لە بواری ڕۆژنامەوانیشدا کار دەکەم.. پاش ئەوەی سلێمانی ووتەنی بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆ و وەزارەتی ناوخۆ خۆی لەم باسە کرد بە کەڕەی شەربەت.. هەوڵم دا لە نزیکەوە بەدواداچوونێك بۆ ئەم بابەتە گرنگ و مەترسیدارە بکەم بێگوومان بەڕاستی سڵم لەوە کرد ڕاستەوخۆ بچم بۆ بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی دەرەوە لەبەر ئەوەی هیچ دوور نەبوو کاکەی بەڕێوبەر ئەمجارەیان جنێو بە شەهیدی برای منیش بدات.. ئەی شێت نالّی بۆم ئەلوی بۆیە شێتم.. بەتایبەتی ئەگەر ئەو شێتە کۆنە ئامر مەفرەزەی تەواری بووبێت.. بەڵی چووم بۆ بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی زوو بۆم دەرکەوت نووسەری بابەتەکە نەك بەتەنها ڕاستگۆ و سەر ڕاست بووە بگرە هێشتا کەمی ووتوە لەسەر ئەو بەڕێوبەرایەتییە.. جەنابی بەڕێوبەر لە وەهمی خۆ بەشت زانین تەخت و تاراجێکی بە وێنەی جەنگیزخان بۆ خۆی دروست کردبوو.. هەر زوو بۆم دەرکەوت کەمن زۆر لەوە لاوازترو بی دەسەڵات ترم کە بتوانم چاوم بە نووری پڕ هەیبەتی جەنابی ڕۆشن بێتەوە.

دواتر ئەگەر ئەمە حاڵی عەقیدێك بێت ئیتر ئەبی لەسەروو تر چ باس بێت خوایە.. من تەنها یەك پرسیار ئاراستەی جەنابی وەزیری ناوخۆ دەکەم لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا بۆ بەڕێزی.. کاك عوسمانی حاجی مەحمود جەنابتان بۆ پێشمەرگایەتی و خەباتتان کرد؟ بۆ ئەوە نەبوو ڕۆژگارێك بێتە کایەوە کە لە سەردەمی بەعس ڕۆشن ترو باش تر بێت؟.. ئەی ڕووباری خوێنی شەهیدەکانمان قوربانی پیرۆزی سەربەخۆیی ئەم ڕۆژگارە نەبوون؟ ئەی کاك عوسمان خۆتان کوڕە شەهید نین؟!.. پرسیاری من لە بەڕێزتان ئەوەیە بۆ جەنابتان قبوولْ دەکەن لە کاتی پۆستی بەڕێزتانا سووکایەتی بە خوێنی پیرۆزی شەهید بکرێت؟.. ئەی جەنابتان نازانن ئەو سووکایەتی کردنە بەخوێنی شەهیدەوە تەنها سووکایەتی کردن نەبووە بەباوکی ئەو هاووڵاتییە؟!!.. بەڵکە سووکایەتی کردنە بە خوێنی هەموو شەهیدانی ڕێی ڕزگاری بە شەهیدی باوکی جەنابیشتانەوە.. وەکو ئەوە وایە کە جنێوی بە شەهید حەمە ڕەش دابی کە برای بریکاری وەزارەتی ناوخۆیە... من ئومێد دەکەم جەنابتان وویژدان و غیرەتی سەردەمی شۆڕشی شاخ و پارتی زانی و جامانەی خوێناوی شەهیدەکانی هاوڕێتان و ئەنفالەکانی گەرمیان.. خوێنی جەستەی بەڕێزتان بهێنێتە کەف و کوڵ و ئاستێك بۆ ئەم جۆرە تاوانە مەترسیدارانە دابنێن و سزای تووندی ئەو کەسانە بدەن کە زاتی ئەوە دەکەن سووکایەتی بە خوێنی شەهید بکری.. لەبەرئەوەی دڵنیابن لە وولاتێکدا شەهیدی ڕێی ڕزگاریی نیشتیمان حورمەتی نەبێت ئەو کات دەرگا والایە بۆ بی حورمەت کردنی هەموو شتێکی تر...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.